وریا ئەحمەد

# برایانی زەهاوی

## برایانی زەهاوی: «هاوار» بە دەفی دەروێشی و «ئازاد» بە زەرب و «هەژار» هەر بە دەفی دەروێشی خۆیان بە خەڵک ناساندووە.



ئەنووشە



لەڕاستەوە: هەژار زەهاوی، ئازاد زەهاوی، یوسف، ئەنووشە و هاوار زەهاوی



ئازاد زەهاوی

برایانی زەهاوی: «هاوار» بە دەفی دەروێشی و «ئازاد» بە زەرب و «هەژار» هەر بە دەفی دەروێشی خۆیان بە خەڵک ناساندووە.
خۆشبەختانە تا ئەمڕۆ زۆرتر لە جارێک برایانی زەهاویم دیتووە، چ بە یەکەوە لە کۆنسێرت یان لە تەلەفزیۆندا مۆسیقامان پێشکەش کردبێت، ساڵی «١٩٩٩» کاکە هەژار بووە چاوساغمان و لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیکەدا چووین بۆ شاری (بۆن) بۆ دیتنی کۆنسێرتی برایانی کامکار، چونکە هەژار کە براچووکە هەمیشە دەیڵێت و شانازی دەکات، بەوەی کە لە دەفزانیدا، قوتابیی



هاوار زەهاوی



یوسف



هەژار زەهاوی

هونەرمەند «بێژەن کامکار» بووە. بۆیە ئەوانم باشتر و لە نزیکەوە ناسی و گفتوگۆ لەسەر مۆسیقای کوردی بە گشتی و لەسەر ڕەزمەکانیش بە تایبەتی پەرەیسەند، بۆم دەرکەوت کاکە هەژاریان کە ئێستا لە لەندەن لە زانکۆی (SOAS) توانایەکی بێئەندازەی هەیە لە دەفژەنی و هەم ڕەزم ناسیندا، ڕۆژانە چەند سات خەریکی پرۆڤەیە و زانیاریی باشیشی دەربارەی تواناکانی ئامێرەکە و کوردیماندا شتێکی نوێ و دڵخۆشکەر بوو.

بەم دواییە برایانی زەهاوی لە (Medya TV) شتێکی جوانیان نیشاندا، ئەویش بەوەی کە کەسێکی ئەفغانییان هێنابوو، زۆر بە لێهاتوویی تەپڵی «هیندی» دەکوتا، وەک دەڵێن ئوستاد بوو، بە ناوی «یوسف مەحموود» لەتەک «نەی کەسائی» ژەنێکی فارس، بە ناوی «ئەنووشە» واتە برایانی زەهاوی بە ڕەزمەکانی هەمەجۆری ڕەسەنی کوردی چ هیی تیپە نوێیەکانی مۆسیقای کوردی بێت، یان هی ناو تەکیە و خانەقاکان، یا ڕیتمە ڕەسەنەکان، هەیە.

جارێکیان هەژار پارچەیەک مۆسیقای ڕەزمی بۆ ئەو زانکۆیەی تیایدا دەخوێنێت، نووسیبوو، دەوروبەری (٣) خولەکی دەخایاند، بۆ (٣) ئامێری دەفی دەروێشی نووسی بوو، بە سوپاسەوە بۆ منی نارد وەک ڕاوەگرتن... لەگەڵ کاسێتێکدا، کە هەر سێ برای زەهاوی، ئەو پارچە مۆسیقای ڕەزمەیان زەند بوو، بە ڕای من ئەم کارەی هەژار لە مۆسیقای (٣) دەفی دەروێشی و یوسف بە تەپڵی هیندی و ئەنووشە بە نەی کەسائی.

زۆر پارچە مۆسیقایان ژەند، کە تیایدا توانای ئەو ئامێرانەیان زۆر وەستایانە نیشاندا، بە (سۆلفیج) دەف و تەپڵ و زەربیان کوتا و زەند، ئافەرین برایانی زەهاوی، ئافەرین هەژار، کە زۆر بوێرانە، ئازایانە، مۆسیقاژەنێکی لێهاتووی، بە توانای وەک «یوسف»ت هێنابوو، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات و بڵێت: "ئەمە زۆر بەتوانایە و ڕەنگە کەمتوانایی لە ئێمە نیشان بدات." بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆژە مۆسیقایەکیان دەژەند، بە ڕای من نەیانژەندبوو، وەک گوتراوە: هونەر بە پێشبڕکێ (منافسە) بەرەوپێش هەنگاو دەنێت. ئەو مەیدانە (مەیدانی ڕەزم)، یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ئاواز، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا. هەویرێکە و زۆر ئاو دەکێشێت، شۆڕەسواری خۆی دەوێت تا قۆڵی لێ هەڵماڵی و تەکان بدات...

لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ تەکیە و خانەقای کوردان بەناوبانگ بووە، کە دەروێشان و خەلیفە و سۆفیی تەریقەتدار، پەرەیان بەم هونەرە داوە، هەروەها مۆسیقاژەنانی میللی بە زەرب و دەهۆڵ و تەپڵ، بۆ شایی و شاباش. ئاواتەخوازم برایانی زەهاوی بیر لە داهێنانی ئامێری نوێی ڕەزم و هەروەها ڕەزمی نوێی کوردی بکەنەوە، بە پشت بەستن بە ئامێر و بە ڕەزمە ڕەسەنەکانمان، بۆ ئەوەی تام و مۆرکی کوردەواری لە باوک و باپیران بەجێماو نەدۆڕێنین و تایبەتمەندیی مۆسیقای کوردی بپارێزین، هەروەها ئەو ڕەزمانەی لە کۆندا لەلایەن باب و باپیرانەوە بە کار هاتوون و ئەمڕۆ لە بیر چوونەتەوە، یا زۆر دەگمەن بە کار دێن، جارێکی دی گیانیان وە بەر بخرێتەوە و مۆسیقای کوردیمان پێ دەوڵەمەندتر بکرێت و سوپاس.

ئاواتی پێشکەوتنی زیاتر بۆ برایانی زەهاوی دەخوازم.

**بەرنامەی گرووپی "لیڤین فایر"**
به بەشداری هونەرمەندان: ناسری ڕەزازی، برایانی کامکار، برایانی زەهاوی، گۆران کامیل، عیسمەت دەمیرهان، جانەر شاهین و ئۆندور دینز.

**Return of the Living Fire**

Tour: 8-10 November
World Sacred Music Festival
Alicante - Spain

**11 November**
WOMAD Festival
Las Palmas - Spain 23 November

**Queen Elizabeth Hall**
London 24-25 November

**Maison des Culture du** Monde
Paris 2 December

**Persian Music Festival**
Stockholm 4 December

**Persian Music Festival**
Gottenberg